# ئایا حکومڕانییەتی تاکڕەوی لە عێراقدا تا چەند بەردەوام دەبێت؟

**موحسین محەمەد**

له ئایاری داهاتوو هەڵبژاردن بۆ خولی چوارەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەستپێدەکات، پێکهاتەی شیعە کە بە تاکڕەوی حوکمی ئەو وڵاتە دەکات، مکوڕە لەسەر وەرگرتنەوەی دەسەڵات. نووری مالکی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، وەکو ئاماژەیەک بۆ کۆتایی سازانی نیشتمانی، لە بۆنەکاندا جەخت لەسەر پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە دەکات.

له خولی پێشوو کە حەیدەر عەبادی دیاریکرا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، فراکسیۆنی کوردستانی هێشتا بڕیاری نەدابوو بەشداری لە دەنگدانی ئەنجوومەن دەکات یان نا. لە عەبادیان پرسی کوردەکان دێن یان نایەن؟ وتی: کوردەکان دێن نایەن بە ئارەزووی خۆیانە. ئێستاش کە دەمەو ئێوارەی کۆتایی خولەکەیە، عەبادی و پێکهاتەکەی بایەخ بە فشارەکانی هەردوو پێکهاتەی کورد و عەربی سوونە نادەن، بەتایبەتی دوای سەرکەوتن بەسەر ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان. بۆ سێبارە پێکهێنانی حکومەت، ئەوان زۆر بە هێز خۆیان نمایش دەکەن. پێکهاتەی شیعە ماوەی دوازدە ساڵە دەستی بەسەر عێراقدا گرتووە، لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتەی کە بە سەر ناوچە سوننییەکان و بەشێک لە خاکی کوردستاندا هات، هیوایەک نەبوو، پێکهاتەکان بە حکومڕانییەتی هاوبەش وڵاتەکە بەڕێوەببەن. ئەوەی تێبینی دەکرێ و جێگەی گومانی هەردوو پێکهاتەکەیە، ئەو دەسەڵاتە هەمیشە بانگەشە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی دەکات. دەستووری عێراق کە لەلاین پێکهاتەکان نووسراوەتەوە، لەگەڵ کەموکوڕی زۆر زامنی حکومڕانیی هاوبەشی پێکهاتەکانە، ئێستا ئەوان لە هەموو سەردەمێک زیاتر، بەناوی دەستوور پێشێلی مافەکانی ئەو دوو پێکهاتە دەکەن، ئەو سیاسەتەش تەواو پێچەوانەی پرۆسەی ئازدکردنی عێراقە. گەلی کوردستان لە 25ی ئەیلول لە ئەنجامی نائومێدی لە حکومەتی بەغدا، دەنگی بە سەربەخۆیی دا. بەغدا بە پاساوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، لە 16 ئۆکتۆبەر لە شکرکێشی کردە سەر ناوچە جێ ناکۆکەکان، ئەو هەنگاوە، عەرەبی سوننەی هێندەی دیکە نائومێد کرد لە دامەزراندنی هەرێمەکەیان، کە لە دەستووری عێراقدا ئەو مافەی بە پارێزگاکان داوە. پێکهاتەی شیعە باکیان بە داواکانی گەلی کوردستان و پێکهاتەی عەرەبی سوننە نییە، گرنگ ئەوەیە، لە هەڵبژاردن دەسەڵات بگرنەوە دەست، بۆیە دژی هەر هەوڵێکن کە هەڵبژاردن دوابخات. ئەمە ڕاستییە، نیگەرانیی کورد و سوننە لە ڕەوشی سیاسی عێراق گەیشتۆتە نەتەوەیەکگرتووەکان. ئەم پرسیارە بۆ گەلانی عێراق گرنگە، ئایا حکومڕانیەتی تاکڕەوی شیعە تا چەند بەردەوام دەبێت؟ پرسیاری دووەمیش وەکو پەراوێزی پرسیاری یەکەم خۆی دەسەپێنێ، ئایا لە عێراقدا هیوایەک هەیە، پێکهاتەکان هاوبەشی ڕاستەقینەبن لە حکومڕانیدا؟ کارەساتەکانی ئەو دوازدە ساڵەی ڕابردوو دەڵێن: هیوایەک بۆ پێکەوە ژیان و حکومڕانیەتی هاوبەش لە عێراقدا نەماوە، سوونەکان دەڵێن: ئێمە دەمانەوێ بگەڕێینەوە ناوچەکانمان، ئەوان ئەمەشمان پێ ڕەوا نابینن، چۆن ڕێگە دەدەن ببین بە هاوبەشی ڕاستەقینەی دەسەڵات؟ ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکانی عەرەبی عێراقی ئەو بۆچوونانە دەخوێنینەوە.

دوای لەشکرکێشیەکەی 16 ئۆکتۆبەر گەلی کوردستان هەست بە هەڕەشەی ڕاستەقینە دەکات، ترس هەیە هەرێم قەوارەکەی بچووک بکرێتەوە، دەسەڵاتەکانی کەم بکرێتەوە، مافە داراییەکانیشی بەتەواوی پشتگوێ بخرێت. عەبادی سەرکەوتوو لە دەرەوە، دۆڕاو لەناوەوە، بەنیازە دووبارە خۆی کاندید بکاتەوە بۆ هەمان پۆست. ئەو هەمیشە لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانییدا وەکو سەرکردەیەکی سەرکەوتوو خۆی نمایش دەکات، وەکو ئەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هێزی پێشمەرگە هاوکاریی نەکردبێت. سەبارەت بە کوردستان، ئاماژەی زۆر نیشان دەدات، بەرنامەو پلانی هەیە بۆ پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان لەسەر هەردوو ئاستی ناوەوەو دەرەوەدا. بۆ گەڕانەوەی ئاوارە سوننیەکان و نۆژەنکردنەوەی ناوچەکانیان، بوودجەی 2018 جێگەی پرسیارەو سەرسوڕمانی پێکهاتەکەیە، تەنانەت لایەنگرانی بەغداش بەنیازنین لە پەرلەمان دەنگی بۆ بدەن، سوننەکانی وێرانەخاکیش هیچ هیوایەکیان بە هەنگاوەکانی حکومەتی بەغدا نەماوە. گەلی کوردستان و پێکهاتەی عەرەبی سوونە دەستیان لە حکومڕانییەتی هاوبەش شووشتووە، دەزانن ئەمە هەرگیز نایەتەدی. پێکهاتەی شیعە بە پاڵپشتی ئێران و بەسوود وەرگرتن لە هاوپەیمانیی نێودەدوڵەتی، زۆر سەرکەوتوو بوو لە پەراوێزخستی کورد و عەرەبی سوننە، ئەوان لە ئامانجی نێودەوڵەتی تێگەیشتبوون، ڕزگاربوون لە داعش پلانی سەرەکیان بوو، گرنگ نییە چۆن و کێ عێراق بەڕێوەبات. ئینجا دوای نەمانی داعش، وەڵامی پرسیاری پەراوێزەکە زۆر گرنگە، حکومڕانیەتی تاکڕەوی تا چەند بەردەوام دەبێت؟ لە دۆخێکی ئەوهادا زۆر سەختە بتوانرێ پێشبینی بکرێ، ئەوانەی کە لەو بڕوایەدان کورد و پێکهاتەی سوننە بەیەکەوە دەتوانن ڕەوشی سیاسی عێراق بگۆڕن، هەست بە قورسایی پێکهاتەی شیعەو نەخشە سیاسییەکەی ناکەن. لە پرۆسەی سەربازیی ( واهاتین نەینەوا) نووری مالکی لە بۆنە سیاسییەکاندا، لەو دروشمەدا چەندین دروشمی دیکەی هەڵدا، وەکو، واهاتین یەمەن، واهاتین حەلەب، بەکردەوەش چەندین میلیشیای شیعە لە ناو خاکی سووریا دەجەنگن. لە 16ی ئۆکتۆبەریش ڕاپۆرتەکان ئاماژەیان بۆ بەشداری سوپای پاسدارانی ئێران کرد. لە گێژەنی سیاسی و سەربازی ئەوها ئاڵۆزدا، هەردوو پێکهاتەی کورد و سوننە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ناتوانن ببنە هاوبەشی ڕاستەقینەی دەسەڵات یان هەندێک لە دسەڵاتەکانی شیعە کەم بکەنەوە، بە پێچەوانەوە بە پێی ئاماژەکان، دەسەڵاتی شیعی زۆر بەهێزتر دەبێت. ئەگەر ململانێی کەنداو لەنێوان ئێران و سعودیە گەشەنەکات، ئەوە دۆخەکە بۆ سوننە هەر وەکو خۆی دەمینێتەوە، بۆ کوردیش زۆر سەخت دەبێت تا هەندێک لە مافەکانی دەگەڕێنێتەوە. بۆ کۆتایهێنان بە حکومڕانیەتی تاکڕەوی، بۆچوونێکی دیکە هەیە، دەڵێت: ئەگەر دۆخی سیاسی بەو شێوە بەردەوام بێت، کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا باشترە، لە چاوەڕوانکردنی بێ سوودو زیادبوونی فشار لەسەر کوردستان. بێ گومان کورد و عەرەبی سوونە نابێ چاوڕێبکەن، هێزێکی سوننەش لە شەو ڕۆژێکدا پەیدا نابێ پارەسنگی هێز لە عێراقدا بگۆڕێت. گەلی کوردستانیش نابێ چاوڕێی ئەوە بکات، پێکهاتەی شیعە بەخێر دەسەڵاتەکانی ببەخشێتە کوردستان، یان مافە داراییەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە. لە کوردستان بۆچوونی زۆربەی خەڵک، یەکڕیزی ناو ماڵی کوردە، ئەگەر بڕواو متمانە هەبێ، ڕەنگە تێکدانی هەڵبژاردن و کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی عێراق، زۆر شت بگەڕێنێتەوە کە لەدەستماننداوە. بەهێزی بەرگریش دیسان حکومەتی تاکڕەوی ناچاردەکات دان بە مافە دەستوورییەکانی کوردستان بنێ. ڕەوشی سیاسی کوردستان، ئەوەی کە ئێستا تێبینی دەکرێ، نیوەی هێزی بەرگریی ئامادەنییە ڕووبەڕووی لەشکرکێشی عێراق بێتەوە، هەروەها نیوە سیاسیەکەشی ئامادەنییە بەشداربێت لە کارتی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسیدا. بێ گومان نیوە سەرەکییەکەی دیکە زۆر سەختە بتوانێ بەردەوامبێت لە شەپۆلەکانی هەڵکشان و داکشاندا. لەسەر هەردوو ئاستی بەرگریی و سیاسیدا، بەغدا ئێستا زۆر بە زەقی گرەو لەسەر شکستی نیوەی دووەم دەکات، کە ڕۆحیەتی بەرگریی لە کوردستان داکوتاوە. لە دۆخێکی سیاسی ئەوها ئاڵۆزدا، کوردستان پێویستە پیادەی سیاسەتی پێچاوپێچ بکات، ئەگەر پێویست بوو، نیوە زیندووەکەی بە هێز بچێتە پێشەوە، لە کاتی زۆربوونی فشاریش بگەڕێتەوە دواوە. ڕەنگە ئەمە جۆرە چارەسەرییەکی کاتی بێت. ئەمریکا هەرێمێکی بەهێزی دەوێ، لەهەمان کاتدا نایەوێ بەغدا زویربکات، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە، شیعە فشار بخاتە سەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ ئەوەی لە عێراق بچنە دەرەوە، سەرکردەکانی حەشدی شەعبیش ئەمەیان نەشاردۆتەوە. ڕەنگە ئەمریکا چاوەڕێی کاتی گونجاو بکات، یەکێک لە داواکارییەکانی ئەمریکا هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبییە، سەرۆکی فەرەنسا ئیمانۆێل ماکرۆن لە کۆشکی ئێلیزێ لە پێشوازی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت و قوباد تاڵەبانی جێگر و شاندی یاوەر، بەڕاشکاوی داوای نەمانی میلیشیاکان و حەشدی شەعبی کرد. عێراق بە پێی یاسای نێودەوڵەتی ئازادکراوە، ڕۆژئاوا کە بەشداربووە لە پرۆسەکەدا، نایەوێ ئامانجەکە لە دەست بدا. لە ماوەی پێنج مانگی داهاتوودا، گورزی ڕووناکی زۆر دەکەوێتە سەر عێراق، ئینجا کورد و سوننە، بۆ شکستی حکومڕانیەتی تاکڕەوی، بژاردەیان زۆر کەمە، ئەوەی ماوە، دواخستنی هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتی پێکهاتەکانە، کە زۆر گرنگە، بە پێچەوانەوە لە ئەگەری هەڵبژاردن لە وادەی خۆی و مانەوەی کێشەکان بۆ دوای متمانەدان بە حکومەتی نوێی شیعە، عێراق سێبارە دەکەوێتەوە ناو گێژەنی حکومڕانییەتی تاکڕەویی.

---

# تۆ بڵێی سیستانی فەتوای هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەربکات و عیراق رزگار بکات

**خەبات: شوان سەرابی**

ئایا سیستانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی تایفی تیرۆریست هەڵدەوەشێنێتەوە؟ ئایا فەتوای تەسریحکردنی ئەو تووخمە تاوانکارییانە دەردەکات؟ ئایا سیستانی ئەو هەڵەیەی ڕاستدەکاتەوە، کە دەرهەق بە گەلی عیراق کردوویەتی؟ داوای تۆبەی ڕشتنی هەزاران عیراقی لە خوا دەکات، کە گوند و شار و پارێزگاکانیانی وێران کردووە و فەتوای هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەردەکات؟

لە ماوی ئەم چەند دەمژمێرەی دوایی‌دا ڕای گشتی پرسیارگەلێکی ختسەڕوو، پاش ئەوەی بەرپرسێکی باڵای ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی وەزیران لە بەغدا، گوتی: تەنها مەرجەعی دینی لە عیراق دەتوانێت میلیشیاکان هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوەشی گوتووە، کە لەمبارەیەوە ناکۆکی هەیە لە نێوان نووسینگەی عەلی خامەنایی ڕابەری ئێرانی و سیستانی دا بەو پێیەی تاران خۆی بە خاوەنی گروپەکانی حەشد دەزانێت، ئەمەش پاش ئەو فشارانە دێت، کە ڕۆژئاوا ختسوویانەتە سەر عەبادی، چونکە ڕۆژئاوا بە زەرووری دەزانێت چەک تەنها لە دەست دەوڵەت دا بێت و میلیشیاکان حەل بکرێن، وڵات بە دەوڵەتێکی مەدەنی بەهێز بکرێت. دواهەمینیان سەرۆکی فەرەنسا ئەم داوایەی لە عیراق کرد، ئیمانوێل ماکرۆن لە کاتی پێشوازیکردنی لە نێچیرڤان بارزانی لە کۆشکی ئەلیزێ ئەم داوایەی لە سەرۆک وەزیرانی عیراق کرد، ئەمەش نارەزایی لەلایەن حزب و گروپە چەکدارییەکان دروست کرد و بە دەستێوەردانیان لە کاروباری عێراق لە قەڵەم دا.

### دۆسیەی حەشد بەدەست مەرجەعیەتە

بە پێی لێداونێکی گەورە بەرپرسێکی ئەمیدارییەتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیران" لە کۆتاییدا دۆسیەی حەشدی شەعبی تایفی تیرۆریست بەدەست عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای دینی بەپێیەی خۆی فتوای جیهادی دەرکردووە و داوای پێکهێنانی گروپی چەکداری کردووە بۆ بەرگریکردن لە شارەکانی عیراق، کە هەڕەشەی کەوتنە ژێر دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشیان لێ دەکرا لە ساڵی 2014دا، بەرپرسەکە گوتوویەتی حەشد بە فەتوایەکی شەرعی دامەزراوە، بۆیە تەنها بە فەتوایەکی تر هەڵوەشاندنەوەی ڕابگەیەنێت و بڵێت پێویست بە مانەوەی نەماوە بەپێ فقهی جەعفەری.

ئەو بەرپرسە لە قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عیراق ناتوانێت هەنگاوێکی لەم شێوەیە باوێت، چونکە بۆی هەیە گرفتێکی گەورەی لە عێراق لێ بکەوێتەوە، بۆیە بابەتەکە بەدەست سستانیە، ئەگەر سستانی فەتوایەکی ئەوها دەربکات ئەو کاتە هیچ یەک لە گروپەکان نوقەیان لێوە نایەت. لە هەمان کاتدا ئەوەشی بەدەرخستووە، کە ناکۆکیەکی گەورە لە نێوان سیسیتانی و ئێران هەیە لەسەر دۆسیەی" حەشدی شەعبی" لەبەرئەوەی پاسداران هەزاران چەکداری حەشدی شەعبیان لە شەڕی سوریا بەکارهێناوە و بووەتە هۆی کوشتنی سەدانیان، لە کاتێکدا فەتوای جیهادەکەی سیستانی تەنها پەیوەندی بە عیراقەوە هەیە.

### هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی داواکارییەکی عیراقی و نێودەوڵەتیە

وتەبێژی ناوبراو ئەوەشی دوپاتکردەوە لە حاڵەتێکدا ئاوڕێک لە پێکهاتەی حەشد بدەینەوە، ئەگەر هەڵبوەشێندرێنەوە یان دەبێت بەسەر داوودەزگەکانی سەربازی و ئەمنی و خزمەتگوزاری وڵات دابەشبکرێن، دەبێت بە ڕەزامەندی سیستانی و هەماهەنگی کردن لە گەڵیدا بێت. زۆربەی میلیشیاکانی" حەشدی شەعبی تایفی" پاش فەتوای جیهادی کفائی سیستانی لە 13 حوزەیرانی 2015 دامەزران پاش ئەوەی داعش خاکێکی فراوانی عێراقی داگیر کرد و دەسەڵاتی بەسەر شارەکانی باکوور و ڕۆژئاوا و بەشێک لە ناوەڕاستی عێراق دا کێشابوو، گەیشتبووە لە 48% لە کۆی پێوانەی وڵات، ئەو کاتەی، کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عیراق بوو، واتە پیلانە قێزەونەکە دەستی ئەوی تێدا بووە. ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و خۆجێیە عیراقیەکان پێشێلکاریەکانی حەشدیان بە دیکۆمێنت کردووە، وەک ئۆپەراسیۆنی کوشتنی مەیدانی هاووڵاتیان لەسەر بنەمای تایفی و تاوانی سووتاندن و دزینی موڵک و ماڵیان لە ناوچە ئازاد کراوەکان و ڕووداوەکانی 16 ی ئۆکتۆبەر لە تووزخورماتوو و کەرکووک و خانەقین، هەر وەک هێشتا حەشدی شەعبی نزیکەی هەشت هەزار ڕفێراوی لەلایە و ڕەتیدەکاتەوە ڕادەستی حکوومەتیان بکات یان ئازادیان بکات، سەرباری ئەوەی بارەگای خۆی لە شەش شاری عێراق داناوە و نە لەو شارانە دەکشێتەوە و نە دەشهێڵێت خەڵکەکەی بۆ سەر جێ و ڕێی خۆیان بگەڕێنەوە. دیارترینیان شاری( جرف سەخر و بێجی و یەسرب و باکووری بەغدا.

میلیشیای حەشد لە 71 فەسیلی ئێرانی چەکداری تیرۆریستی پێک دێت، دیارترینیان (میلیشیای بەدر و عەسایب و حزبوڵڵای خۆراسانی و نوجەبا و ئەبو فەزڵ عەباس و بودەلائو عەلی و جوند ئیمام و گروپی ئەلرسالی و ئەنسار ئەلحجە، و فیرقەیەکی عەباسی شەڕکەر و روح الله خومێنی و ئیمامی حوسێن)ن. سەرباری دەیان میلیشیای چەکداری دیکە.

حەشدی شەعبی مووچە هێندەی سەربازانی عیراق وەردەگرن، کە مانگانە نزیکەی 750 دۆلارە سەرباری چەک و زەخیرەی خۆیان هەیە.

چاودێران پێیان وایە فشارە یەک لە دوا یەکەکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر حەیدەر عەبادی و عیراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان لە کۆتاییدا وا لە حکوومەت دەکات خۆی لەو سەر ئێشەیە رزگار بکات. هەروەک بۆی هەیە سیستانیش فەتواکەی بکێشێتەوە یان فەتوایەکی نوێ دەربکات و میلیشیا تایفیەکە هەڵبوەشێنێتەوە و تەنها سوپایان بەس بێت بۆ بەرگری کردن لە عیراق وەک هەموو وڵاتانی گێتی بۆ بەرگریکردن لە وڵاتەکەیان پشت بە یەک سوپا دەبەستن. چاودێران هۆشداری ئەوە دەدەن، کە لە کۆتایی داعش و هێشتنەوەی میلیشیاکانی حەشدی تایفی بەم شێوەیە بەبێ کار یان تەسریحکردنیان، مەترسیەکی گەورە لەسەر جەستەی دەوڵەتی عیراق دروست دەکات.